# مرۆڤ سێنتەری گەردوونە

"ئایەتە مرۆییەکان"

گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەدۆنیس

و:عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا

جۆرێك لە ناسکی تیایە کە ئیتر بەرگەی ناسك کردنەوە ناگرێت، ئایا ئەوە لە بۆچوونی دایە؟ ئایا ئەوە لە دەنگیدایە؟ بەڵێ ئەوە لە دەنگ و بۆچوونیدایە. ئەو پیاوە شۆخە، ئەو پیاوە روخسار خرە، ئیلقا روون و ناسکە، هەر وشەیەك لە وشەکانی پاراو و بریقەدارە. لەگەڵ ئەوەشدا، زمانگرانیە رۆژهەلأتییەکەی وا لە وشەکان دەکات، وەك ئەوەی لەو زمانەوە دارێژرابن کە لە چلەکانی سەدەی رابردووی ئینتدابی فەرەنسی بە سەر سوریاوە لە دایك بووبن، وەك ئەوەی لە هاوبەندی فەرەنسی (تەرتوس)ەوە فێر بووبێت. وەك ئەوەی لە شەستەکانی پاریس لە شیعری بۆدلێرەوە فێر بووبێت.

ئەحمەد سەعید ئیسبر لە ساڵی (1930) لە خێزانێکی لادێی نزێك ئەنتاکیە هاتۆتە دنیاوە، لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا بووە، کە سەرۆك کۆماری ئەوسای سوریا (شوکری قوەتلی) سەردانی گوندێکی دەوروبەری گوندەکەی ئەوانی کردووە، ئەو منداڵە بچوکە توانیوویەتی بەیتە شیعرەکەی خۆی لە پێش سەرۆك بخوێنێتەوەو سەرۆکیش کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو خوێندنەوەیەو سوور بووە لە سەر ئەوەی کە ئەو شاعیرە بچووکە بە خوێندنگای ناوەندی بگات. پاشان ئەو شاعیرە بچووکە لە ئەدەب سارد نەبۆتەوەو ناوی (ئەدۆنیس)ی وەك ناوێکی خوازراو بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بەمجۆرە لە ژێر ئەو ناوەدا کۆمەڵێکی شیعری بلأو کردۆتەوە کە هەمیشە پێشتر بە ناوی حەقیقی خۆی رەفز دەکرانەوە. دوای خوێندنی لە دیمەشق و لوبنان، وەك شاعیرێك داوای نوێبوونەوەی کردووەو بووە بە شاعیرێك کە گۆڤارە ئەدەبیەکان هەڵدەسورێنێت. دوای ئەوەی کە دکتۆرای بەدەست هێنا، ژیان وای لێکرد کە بەردەوام لە نێوان لوبنان و پاریس لە هاتوچۆ دابێت.

لە نووسینگەی پەخشی (کایینە)ی شەقامی (زە کۆندییە) ئەو چاوپێکەوتنە لەو نووسینگە دارینە و کۆگا پڕ کتێبەکانی هاتە ئەنجام و ئیتر ئەدۆنیس کەوتە نێوان وشەکانەوە.

---

*لە (اغانی مهیار الدیمشقی) کە یەکێکە لە کۆمەڵەکانی سەرەتات-نووسیووتە: خريطتي أرضٌ بلا خالق/ والرفض إنجيلي." لە سالّي (2003) لە في *لمس الضوء*، دەڵێیت: "إني أقوم، إني

أفكر مجازًا." *أول الجسد آخر البحر* – ئایا یەکەم جەستەو دوا دەریا –پێشتر خوازە بووە یان ڕەفز؟.

-هەردووکیانە بە یەکەوە، یان لە نێوان هەردووکیان بووە. نازانم ئایا دەتوانم ئەو کۆمەڵەیە بە کۆ شیعری (غەزەل) ناو بەرم. بەڵام ئەو شتە پەیوەندی بە ئەزموونەوە هەیە، یان بە هەوڵی دیتنی لایەنی مەرگەساتی ئەزموونی خۆشەویستییەوە. ئەزموونێك کە هەوڵدەدات قسە لە کەنگەلانی خۆشەویستییەوە بکات.

⋆لەو نائومێدییەدا جۆرێك لە خۆشەویستی سۆفیانە لاپەڕەکان پڕ دەکەنەوە: **عَلَّمتْني مرارات أيَّامي الرائيةْ:/ ليس للحبِّ إلاَّ طريقٌ عموديةٌ/ لا تُسمَّى،/ وإنْ قيلَ عنها/ لغةٌ في الهبوط إلى آخر الليل،/ في ناره العاليةْ." ئایا لەو گەڕانەوەیە بۆ مەنقول، وەك ئیبن عەرەبی دەڵێت: قەرزبارم بە ئایینی خۆشەویستی...؟.**

-بەڵێ، بەڵام ئەو سۆفیزمییە بە بێ خواوەند دەکەوێتەوە، ئەگەر ئەوەم بۆ ڕاست بکەوێتەوە دەڵێم سۆفیی و بتپەرستییە. بەڵام کاتێك قسە لە سەر سۆفیزم دەکەم هەر دەبێ بگوترێت کە من لەو کاتەدا نە بیر لە هیچ ئایینێك دەکەمەوە نە هیچ خواوەندێك. کاتێك کە "ستوونییەتی" ئەزموونم بیر دەکەوێتـەوە، لە نێو ئەزموونی خۆشەویستیدا بیر لە هەڵبژاردنی ڕەهەندی ئەنتۆلۆژی دەکەمەوە، هەروەها لە دەرەوەی ئەزموونیش بیر لە هەڵبژاردنی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دەکەمەوە.

⋆کاتێك دەنووسیت: "حَقًّا، أنتِ امرأةٌ/ أعمقُ مّا يحجبُها/ عُوىً يكشفُ عنها."-ئایا ئەوانە وشەی یاخین-تەعبیر لە یاخیبوونی تۆ دەکەن؟.

-بە هیچ جۆرێك! هەر تەنها ئیسلام نییە کە واز لە جەستە دەهێنێت-واتە جەستە نەك تەنها جەستەی ئافرەت! هەموو ئایینە ئاسمانییەکان ئەوەی کە مادی، "فیزیایی" بێت ڕەفزی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین نرخ بە ڕۆح ببەخشێت، بۆیە ئەگەر لەو کۆمەڵە سەرنج بدەیت من لە لایەنی جەستەم گرتووە، لایەنی هەرچی ئادەمییە، ئەوەی کە نوێنەرایەتی سێنتەری گەردوون دەکات، بوونەوەری مرۆییە نەك خواوەند. خواوەند بیرێکی دوورو ڕووتکراوەیە. ئەو دابڕانەی لە نێوان مرۆڤ و خواوەندا هەیە بنچینەی ئەو گوتارەیە کە لە بارەی جەستەوە هەیە و بە مرۆڤ ناکۆکە.

## تاك سەربەخۆیە

⋆لە زمانی عەرەبیدا کەس، واتە تاك، وشەیەکە خۆی لە مانای بەرجەستە بوونیدا هەڵدەگرێتەوە، ئایا ئەوە لە بەشێکی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی عەرەبیدا وەك گومان و خستنە گومانی تاك لێکدەدرێتەوە؟.

**-لە ئایینە یەکتاپەرستەکاندا تاك لەبەر بەرژەوەندی کۆ یان هۆز (واتە نەتەوە لە ئیسلام) جیاکراوەتەوە. تاك، بەو خەسڵەتەی کە کەسێکی سەربەخۆیە بوونی نییە، باشتر وایە ئێمە ئەو بۆچوونە تەجاوز بکەین. شتەکان وا بەرێوە ناڕۆن، ئەوەش لە ژیاری ئیسلامی عەرەبی ئێمەدا تێکۆشانێکی دوورو سەختی گەرەکە.**

★ "أی معنی لمنزل لا يعرف السَفَر؟"رۆژێك له رۆژان وات نووسیووه. ئایا بەرای تۆ ناسنامه هەر له روانگەی نامۆییدا دەمێنێتەوە؟.

-تاك له ئیسلامدا دەژی بۆ ئەوەی بەخششێك بهێنێته دی كه پێشتر بۆی ئامادە كراوە، بەلاَم ئێستا ناسنامه خەلقكردنێكی بەردەوامه: بوونەوەری مرۆیی ئەو كاته ناسنامەی خۆی دادەهێنێ، كه كارێك دابهێنێ. وەك ئەوەی ناسنامه له ئاینده دابێت نەك له رابردوو، هەموو كەسێك له نامۆییدا دەژیت بەو مانایەی كه نامۆیی وایلێدەكات هەموو ئەوانه رەفز بكاتەوە كه كۆن بڕیاری له سەر داون، ئەو بەرەو شتێك هەنگاو دەنێت كه هێشتا بوونی نییه. له دووتوێی ئەو مانایەدا هەموو كەسێك له نامۆیی خۆیدا دەژیت، هەتا ئەگەر له نێو خودی ئەو زمانەش بژین كه تەعبیرمان لێدەكات.

هەرچەنده بۆ كەشفكردنی ناسنامەكەت تێبكۆشیت وا هەست دەكەیت زێتر پێویستت به دووبارە داهێنان هەیه. كەواته له دووتوێی ئەو مانایەدا نامۆیی هەمیشه له نوێبوونەوەدایه.

★ئایا بۆ خودی تۆ ئەو نامۆیی و ئەو داهێنانه نوێیه به گۆڕینی ناوەكەتەوە بەنده، كه له رێگەیەوە هاتیته نێو ئەدەبەوە؟ هەروەها هەڵبژاردنی ئەو ناوەی كه ناوی "ئەدۆنای" تیا دەبیسین (ئەو ناوە یەكێكه له خواوەندەكانی ئایینی جوولەكه) ئایا ئەو هەڵبژاردنه لای منداڵی ئەو رۆژه ئاگاییانه بووە؟.

-ئێستا من به ئەدۆنیس ناسراوم. ئەگەر ویستبام نەناسراو بام به ناوی خێزانەكەمەوە واژۆم دەكرد. ئەوەم به درێژای زەمەن له بارەی ناسنامەو ناوەوە بۆ دەركەوتووە، بۆم دەركەوت كه گۆڕێنی ناو واته گۆڕینی ژیان. ناو له ژیاری سامیدا گرنگییەكی گەورە لەخۆ دەگرێت، بەلاَم ئایا ناسنامه تەنها وەك ناو به بەستووی دەمێنێتەوە؟ یان تاكی مرۆیی لەو چەند وشەیەی كه ناوی لێ كورت دەكرێتەوە ناكۆكتر و بەرفرەوانترو دەولەمەندتر نییه؟. جیاوازی دەنگەكانی ناوم و لەرەكانی لەگەڵ كاتدا گەشەی كردووە، من كەشفم كردووە كه وشه هەوڵنادات به هەموو شتەكاندا رۆبچێت. كەواته تاك زینداتی ناوەكەی نییەو نابێت! هەڵبەته هەمیشه تاك دەكەوێته دەرەوەی سنووری ناوەكەیەوە. ئەوەش واملێدەكات دژی ئەو بیركردنەوەیه بوەستم كه پێیوایه ناونانی شتێك به ناوێكی دیاریكراو ئیتر لەوێوە ماناكانی كۆتایی بەو شته دەبەخشێت. مەسەلەكه زۆر لەوە بەرفرەوانتر و دەولەمەنتره. له عەرەبیدا دەستەواژه له تەعبیركردندا له هەر شتێك دەولەمەندتره، وشه تەعبیر له لایەنێك دەكات له روویەك له رووەكان نەك له تەواوی شتەكه، مانای وایه وشه شتێكی تەواو نییه. هەروەها خۆشبەختانه زمان هەمیشه له نوێبوونەوەدایه، بۆیه ئەوەی گرنگه ئەوە نییه، كه تەعبیری لێدەكەین، ناسراو، دیار، بەڵكو ئەوانەن كه له شتەكان و له دنیادا ون و بزرن. ئەو دیاریكردنەش سۆفیزمەكان پێمانی رادەگەیەنن.

★ئایا بۆ ئەو به دواداگەڕانی بزرە، نامۆیی هیچ رۆڵی هەیه؟.

-بۆ ئەوەی بۆچوونی باشترت هەبێت له سەرت پێویسته زێتر دوور بكەویتەوە. كاتێك له نێو شتەكاندا دەبیت- لەنیشتیمان، لەگەڵ هاوڕێكانتدا- دەكەوینه بەرامبەر ئاوێنه، تۆ لێره هەتا ناتوانی رووخساری

**خۆشت ببینیت. بەڵام کە دوور دەکەویتەوە هەموو شتەکان روونتر دەردەکەون. لە بۆچوونی مندا نامۆیی بۆ بوونەوەری مرۆیی رەهەندێکی پێکهاتەییە، دەشێ هونەر لە بینینی ئەو رەهەندە یارمەتیمان بدات.**

***لە " أول الجسد ئخر البحر" مۆسیقا وەك ناونیشانی هەندێ بەش دەردەکەوێت، ئایا ئەوە جۆرێك لە جۆرەکانی گەڕانەوەیە بەرەو دلشادی، بەرەو خۆشی رەهای دەنگ و وشە؟.**

*-مۆسیقا، واتە دەنگ لە شیعری عەرەبیدا شتێکی بنەرەتییە. هەمیشە لە هەندێ واژەدا نیشتووە، هەتا لەوەی کە بە شیعری پەخشان ناو دەبرێت. هەتا ئێستاش ناتوانین دەنگ لە جەستە جیا بکەینەوە، شیعر تەعبیرکردنە لەوەی کە شەهوانی و جەستەییە، شیعرێك نییە لەو رەهەندە واژەییانە بەتاڵ بێت. بەڵام مۆسیقا ریتمی بوونەوەرە، نووسینی شیعری تەعبیرکردنە لە ریتمی زیندەگییەکی دیاریکراو، بۆیە هەوڵنادەم شیعرێك بنووسم لە مۆسیقا بەتاڵ بێت، بەڵام لێرەدا دوو جۆر مۆسیقا هەیە: مۆسیقای تەقلیدی و دووبارە بووەوە، مۆسیقایەك کە دنیا دادەهێنێت.*

## شاعیرە گەورەکان دژی سروشن

**لە" *الصلاة والسیف" ی کتێبی*** "حدیپ البدایات" نووسیووتە (زمانی عەرەبی زمانی سروش-وحی-یەو دەتەقێتەوە). هەروەها روونت کردۆتەوە کە زمانی عەرەبی بە وشەی قورئانی کاریگەرە، بەراستی زمانی نازل بوو، ئەوەی کە تیای فەرز دەکرێت، ئەوەیە کە زمانێکی تەواوە، بە سەر شاعیر بە سەر هەمووواندا فەرز دەکات کە رووبەرووی ئەو کەماڵەی زمان ببنەوە، ئایا رێککەوتنێك هەیە، لە نێوان سروش و ئەوەی کە تەجاوزی قبول نییە؟.

*ئەوە گرفتێکی حەقیقی ژیاری ئێمەیە، ئیسلام دوا وەحی و دوا پەیامی ئاسمانییە، محەمەد دوا پێغەمبەر و تەواوکەری پێغەمبەرانە-وا دەڵێن. ئەوە دوو شتی گرنگ دەگەیەنێت: مرۆڤ هیچ شتێکی نییە بیڵێت، جگە لەوەش واتە هیچ شتێکی نوێ لە بەر دەستدا نەماوە تا مرۆڤ دایبهێنێت، بەڵکو هەر تەنها دەتوانێت ئەو دەقانە لێکبداتەوە و راڤەیان بکات کە دوا فۆرمیان لەخۆدا هەڵگرتووە. لەم حاڵەتەدا هەتا خواوەندیش هیچ شتێکی بۆگوتن پێنەماوە، چونکە دوا پەیامی خۆی گەیاندووە. بەر لە ئیسلام شیعر بانگەشەی کەشفکردنی حەقیقەتی دەکرد، بەڵام دوا حەقیقەت ئەوەیە کە هەر شاعیرێك حەقیقەتی تایبەت بە خۆی هەیە. پاشان لەبەر ئەوەی ئەو شیعرە نەیتوانی لەگەڵ ئەو وشانەی کە لە ئاسمانەوە هاتۆنەتە خوارەوە هاوژیانی دروست بکات ئیتر کەوتە پەراوێزەوە. لەو ساتەدا هەموو شاعیرە گەورەکان دژی سروش راوەستان، وەك ئەبی نەواس، ئەبی تەمام، مەعەری و موتەنەبی. بەرامبەر ئەوەش سۆفیگەری وێناکردنێکی دیکەی خواوەندی پێبەخشین، خواوەندێك کە هیچ پەیوەندیەکی بەتەسەورکردنی قورئانیدا نییە. کەواتە لێرەوە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خواوەند، تەسەورێکی نوێ هاتە ئاراوە، هەروەك بۆچوونێکی نوێ بۆ بەها و حەقیقەت هاتە ئاراوە کە بە دوا روونکردنەوەو دوا لێکدانەوە رازی نەبوو. ئەوەش لە نێو ئیسلامدا شۆڕشێکی مەعریفی بوو، بەڵام ئەوەی گەورەیی بە شیعر دا ئایین نەیووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە. فەندەمینتاڵەکانی ئەمڕۆ دژی منن، منیش دژی ئەوانم. نەك هەر هێندە بەڵکو بیانووی خۆم بۆ

**راڤەکردنی تەقلیدییانەی ئیسلام هەیە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتیش لە سەر ئەو ئایینانەی کە بوونەتە دامەزراوی فەرمی، من پێموایە ئەوانە بە دژی مرۆڤ رادەبنەوە، من بیرورایەکی جیاوازم بەرامبەر بە ئایینێك هەیە کە هەڵگری دەسەڵات نییە، من وەك ئەزموونێکی رۆحی ئەو ئایینە دەیبینم، چونکە هەموو کەسێك تیایدا دەتوانێت تەعبیر لە بیروڕای جیاوازەکانی خۆی بکات.**

* * *

**سەرچاوە:**

**لە le Figaro htteraire وەرگیراوەو (مدنی قصری) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.**

من لە پێگەی (معابر) وەرمگرتووە بڕوانە: maabernet.org